## سەردان و پێشوازی

*کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ٢٠٠٥/١١/٢٧ هەڤاڵ (ڕێکار ئەحمەد) سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی ڕزگاری کوردستان، ئامادەی کۆبونەوەی حزبە کوردستانیەکان کە لەبارەگای مەکتەبی پەیوەندی کوردستانی (ی.ن.ك) ڕێکخرابوو بەشداربوو، ئەوەی شایانی باسە کۆبونەوەکە بەسەرپەرشتی بەڕێز کاك (کۆسرەت ڕەسول عەلی) لێپرسراوی دەستەی کارگێری (م.س) (ی.ن.ك) بەڕێوە چوو بەڕێزیان لەکۆبونەوەکە جەختی لەسەر بەشداربوانی هەموان کردەوە لەمەڕ پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق، ئەمەو سەرجەم حزبە کوردستانییەکان بە تێکڕا هاوڕابوون لەسەر بەشداربوونی پرۆسەی هەڵبژاردنو، بە پرۆسەیەکی چارەنووسسازیان هەڵسەنگاند بۆ ئایندەی کوردستان.

*کاتژمێر (٣)ی پاشنیوەڕۆی ٢٠٠٥/١٢/٤ شاندێکی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان (غاندی ئەنوەر) ئەندامی لقو جێگری پەیوەندییەکانو (نەوزاد شێخ کامیلو دانا حەمە تەقی) ئەندامانی پەیوەندییەکان، سەردانی (م.س) حزبمان، حزبی ڕزگاری کوردستانیان لەشاری سلێمانی کرد، ئەمەو لەلایەن هەڤالانی (م.س) زۆر بەگەرمی پێشوەازی کران، لەدیدارێکی دۆستانەدا کە کاتژمێرێکی خایاند باس لەڕەوشی کوردستانو پرۆسەی هەڵبژاردن کراو هەردوو لا تەئکیدیان لەسەر پەیوەندییەکان کردەوە.

* ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/١٠ لە ڕێکخراوی کەمئەندامان هەڤالانی حزبمان بە بەشداری شاندێکی م.س کۆبونەوەیەکیان کرد. کەباس لە کێشەو گرفتی کەمئەندامان و هەروەها باس لەهەڵبژاردن کرا.

# چەند یادێکی زیندوو لەگەڵ عەواد حەمەبەندەری خوێنمژدا!

**دەرسیم دییەگەیی**



عەواد حەمە بەندەری بەناو سەرەکی دادگای شۆڕش، یەکێکە لەخوێنمژترین جەللادەکانی سەدامو بە دەیان هەزار کەسی لەڕۆڵەکانی گەلی کوردستانو گەلانی ئێراق، ڕەوانەی بەردەم پەتی سێدارە کردووەو فەرمانی مەرگی بە شێوەیەکی ناڕەوا بەسەردا سەپاندوون. تەنیا ئەوانەی ملیان لەبەردەستو لەشمشێرە عروبیە هەردەم هەڵکێشراوەکەی ئەو ڕزگار بووە، لەهەموو کەس باشتر ئەو دڕندەیە دەناسنو جوانتر لەکەسانی تر دەتوانن باسی ڕەفتارو بێڕەوشتی ئەو بکەن.

دوای ١٥ مانگی ڕێك لەبێسەروشوێن کردنمدا، لە ١٩٨٧/٦/٤ لەگەڵ(٨) کەسیتر کە هیچ پەیوەندییەکی ڕێخستن بەیەکەوەی نەدەبەستینەوەو دۆزی دادگاییکردنیشمان بە تەنیاو جیاجیا بوو، بە کۆمەڵو هەموومان بەیەکەوە ڕاپێچی بەردەم ئەو خوێنمژە کراین. پرۆسەی دادگاییکردنەکەی هەر نۆمان تەنیا (٤٥) خولەکی خایاند، واتە بۆ هەر یەکێکمان پێنج خولەك.دوای ئەوەی کەوتمە بەرگریکردن لەخۆمو گوتم: (ساڵی ١٩٨٧ ئێوە خۆتان لەچەندین کۆڕو کۆبوونەوەی فراواندا لەشارەکانی هەولێر، کەرکوك، سلێمانیو دهۆك - دا ڕاتانگەیاند کە هێزەکانی ی.ن.ك هێزی نیشتیمانینو هەڵوێستەکانیان هەڵوێستی نیشتیمانپەروەرانەن، منیش یەکێك بوویمە لەو هەزاران کەسەی کە لەدوای گفتووگۆی میری لەگەڵ ی.ن.ك دا، پەیوەندیم بەڕیزەکانی کۆمەڵەوە کردووە. دوای چەند مانگێك هەستمکرد ی.ن.ك نایەوێت لەگەڵ حکومەت بگاتە هیچ ئەنجامێك، بەشێوەیەکی فەرمی داوای وازهێنانم لێیانکردوو ئەوانیش وازهێنانەکەمیان پەسەندکرد). عەواد بەندەر پرسی: ئەی بۆ دەزگاکانی ئەمن یان پۆلیست ئاگادار نەکردەوە؟ لەوەڵاما گوتم: (لەبەرئەوەی لەدۆڵی بالیسان مامۆستابووم،ئەو ناوچەیەش لەبەردەستی ی.ن.ك بوو، دواتر (......) کە خۆی منی ڕێکخستووەو هەڕەشەی لێکردم، ئەگەر بێتوو هەر دەزگایەکی میری ئاگادار بکەمەوە. ئەی بۆ ئێوە ئەوکەسەی کە منی ڕێکخستووەو هەڕەشەی لێکردووم نەتانگرت؟ عەوادی شەرەف عەگال وەکو گورگی هاری لێهاتو بەسەرمدا نەڕاندیو گوتی: بێدەنگبە هەی ئاژەڵ کوڕی ئاژەڵ، ئێمە مافی ئەوەمان هەیە لەتۆ بپرسین دادگاییت بکەین، نەك تۆیەکی سەخیفو سەرسەری دادگایی ئێمە بکەیت! هەی بێڕەوشتی درۆزن، تۆ درۆزنیو درۆ دەکەی، تەنانەت ئەگەر لەبەغداش بوویتایە میرت ئاگادار نەدەکردەوە، چونکە خۆت بەشێکی لەوانو تەنانەت ئەوەشت پێ باوەڕناکەم کەوازت لێیان هێنابێت، هەی درۆزنی کوڕی درۆزن). ئەو جنێوانەی ئەوم بە ڕوحێکی ڕیازی وەرگرتو وەکو مەدالیایەکی شانازی لەسنگی خۆمم داو فزەم لێوە نەهات، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بێت، ئەوەبوو کە ئەو بەناو دادوەرە سەربازییەی کە کەوتبووە دەستە چەپی عەوادەوە، بە تووڕەیی سەری دەهێناو دەبردوو هەڕەشەی لێدەکردم.

ئەوەی بەندە بینیوێتی، دڵۆپێکی زۆر زۆر بچووکە لەچاو ئەوەی کە کەسانیتر لەسەردەستی ئەو جەللادە تووشی هاتوون. عەواد سەرەڕای ئەوەی کە ناوەکەی خۆی زۆر لەگەواد نزیکە، کەچی ئەو بەناوی دادوەرە بەهەزاران کەسی گوتووە: گەواد کوڕی گەواد، دایك حیز، دایك قەحپەو لەگەڵ ناوهێنانی هەزارەها جنێوی لەخۆی سوکتر! حەزناکەم ناوی کەس بهێنم، ئەگینا نموونە زۆرن لەو جنێوە ناشرینانەی کە ئەو دێوە بەعسییە بەشۆڕشگێڕانی کوردستانی داوە!.

سێ پێشمەرگەی دیلمان لەگەڵدا بوو، کە لەشەڕێکی نێوان پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سێی یەکێتیو سەربازو جاشدا گیرابوون، بەناوەکانی ئیبراهیم، دینۆ و حامید، یەکەمیان خەڵکی گوندی تەلەخێمی سەر بەشارۆچکەی گوێڕی بناری دەستە ڕاستی قەرەچوغو دوانەکەی

# چەمکە نوێکانی زانستی سیاسەت

**کتاب : بنیادهای علم سیاسەت**

*نووسەر : عەبدلرەحمان عالم* — *وەرگێر: ئەمیری حاجی موحەمەد* — *بەشی پێنجەم*

### A - سەرچاوەکانی دەسەڵاتی ڕەوا (اقتدار)

بەباوەڕی (ماکس وێبەر)، دەسەڵاتی ڕەوا سێ سەرچاوەی هەیە:

١ - دابو نەریتی (یاسایی - ئەقلانی)

٣ - کاریزماتیکی

١ - کاتێ بەکارهێنانی بەردەوامی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر پەیامی دابو نەریت پەسەندکرابێتو ببێتە هۆی پەیدابوونی مافی فەرمانڕەوایی، ئەو دەسەڵاتە پێی دەگوترێ دەسەڵاتی ڕەوای دابو نەریتی.

٢ - ئەگەر مافی فەرمانڕەوایی لەسەر بنەمای یاسایی کۆمەڵگە هەڵقولابێ، ئەو دەسەڵاتەپێی دەگوترێ دەسەڵاتی ڕەوای (یاسایی - عەقلانی).

٣ - کاتێ مافی فەرمانڕەوایی لەپایداریو سیفەتە تایبەتییەکانی ڕابەری سیاسیەوە بەدیهاتبێ، ئەو دەسەڵاتە ڕەوایە پێی دەگوترێ دەسەڵاتی ڕەوای کاریزماتێکی. لەزەمانی کۆندا پاشایان راوێژکارەکانیان سەرچاوەی دەسەڵاتی ڕەوا بوون. بەڵام لەو سەردەمەدا کە سەردەمی دیموکراسییە، دەسەڵاتی ڕەوا بەشێوەی پلەو پایەیە. کەسێ کە لەلوتکەدایە، زۆرترین دەسەڵاتی ڕەوا قورخ دەکات. دەست والاکان توانای بڕیاردانیان پێشترە لەبن دەستان.

### B - گارانتی جێبەجێ کردنی دەسەڵاتی ڕەوا

بە کورتی، ئەم بابەتانەی خوارەوە گارانتی جێبەجێ کردنی دەسەڵاتی ڕەوایە:

١ - کەفالەتی کۆمەڵایەتی: هەندێ کات کەسانێ بەهۆی ترس لەدابو نەریتی کۆمەڵگە، بەناچاری ئەو دەسەڵاتە ڕەوایە قبوڵ دەکات. لەهەندێ بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا، کۆمەڵگە چاوەڕوانی کوێرایەڵەکردنی بێ پرسینەوەیە.

٢ - هێمنیو مەوقحیەتی ئابوری. ئەگەر دەسەڵاتی ڕەوا قازانجی مادی هەبێت یان مەوقحیەتی ئابوری باشتر بکات، خەڵك پەسەندی دەکات.

گارانتی چاودێری کردن لەسەر ئامانج. هەندێ کات لەمەڕ کاریگەری کاری دامەزراوە، کارمەندەکانی دەسەڵاتی ڕەوای پلەو پایە بەرزەکانی ئەو دامەزراوە قبوڵ دەکەن. بە وتەیەکیتر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێك ئەو دەسەڵاتە ڕەوایە قبوڵ دەکەن.

٤ - گارانتی دەروونی. بەهۆی دەست والاییەوە، دەسەڵاتی ڕەوایی لەسەر بن دەستان زیاتر بە چنگ دێنێ.

### C سنووری دەسەڵاتی ڕەوا (اقتدار)

دەسەڵاتی ڕەوا سنوورداره. ئەگەر ئەم سنوورە لەلایەن خاوەن دەسەڵاتەکانەوە ببەزێت، پەیڕەوان دەتوانن ئەو بەزاندنە لەبەرچاو نەگرن یان دژی ڕاوەستن. بە گوتەی: (مریام) کەسێ کە دەسەڵاتی ڕەوای هەیە وەك شۆفێری پاسە. ئەو شۆفێرە لەهەڵبژاردنی جادەی خۆی ئازادە، بەڵام دەبێ موسافرەکان لەڕێگەی باشەوە ببات و ئەگەر وەها نەکات موسافرەکان ئۆتۆمبێلەکە بەجێ دەهێڵنو بە ڕێگەیەکدا کە دەیانەوێ دەڕۆن.

### D - دەسەڵاتو دەسەڵاتی ڕەوا

زۆربەی دەسەڵاتو دەسەڵاتی ڕەوا بە یەك واتای دەزانن، بەو جۆرەی لەبەشی پێشوودا باسکرا، ئەم دووانە لەگەڵ یەکدا جیاوازن. بەگوتەی: (ماکس وێبەر ولا سۆل)، دەسەڵات کاتێ دەبێتە دەسەڵاتی ڕەوا کە یاسایی بووبێ. دەسەڵات لەکاتی بڕیاردانو فەرمان دەرکردندا بەکاردێت، لەکاتێکدا دەسەڵاتی ڕەوا کاتێ ئاشکرا دەبێت کە بڕیاردراوە، و فەرمان دەرچووە. جیاوازیەکانی دەسەڵاتو دەسەڵاتی ڕەوا بریتیە لە:

١ - دەسەڵاتی ڕەوا هەمیشە ڕەواو یاساییە، بەڵام دەسەڵات بۆی هەیە ڕەوا یان ناڕەوا بێت.

٢ - دەسەڵاتی ڕەوا لەسەر ڕازیبوون دامەزراوە، کەچی دەسەڵات زۆربە لەسەر زۆر و هێز پێکهاتووە.

٣ - بەپێی سرووشت، دەسەڵاتی ڕەوا دیموکراسیترە لەدەسەڵات، چونکە هەمیشە یاساییو لەسەر پشتگیری هەموان دروست بووە. دەسەڵاتی ڕەوا پێشان دەدات کە مرۆڤ بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی خۆی چ توانا گەلێکی هەیە. لەکاتێکدا دەسەڵات توانایی مرۆڤە بۆ گۆڕینی ڕەفتاری کەسانیترە.

سەرەڕای ئەم جیاوازیانەش، چەمکەکانی دەسەڵاتو دەسەڵاتی ڕەوا بنەماو بنچینەی زیندوو جیانەبووەوەی سیاسەتنو ناوكو چەقی لێکۆڵینەوەکانی زانستی سیاسەت بەدی دەهێنن.

### E - جۆرەکانی دەسەڵاتی ڕەوا

دەسەڵاتی ڕەوا جۆراوجۆرە، بەم شێوەیە:

١ - دەسەڵاتی ڕەوای زۆردارانە. دەسەڵاتی ڕەوا گەر لەزۆرداری بنەمانرابێ دەسەڵاتی ناڕەوایە. ئەم جۆرە دەسەڵاتە ڕەوایە بەپێی یاساو دەسەڵاتە فەرمیەکان بەکار ناهێنرێت بەڵکو زۆری پەتی (محض) کەفیلی جێبەجێ کردنیەتی.

٢ - دەسەڵاتی ڕەوا کە لەدەستوورەوە سەرچاوەی گرتبێ. ئەگەر کەسێ بەپێی دەستووری وڵات دەسەڵاتی هەبێ، دەسەڵاتەکەی بە دەسەڵاتی یاسایی دەزانرێ، وەك سەرۆك کۆمار یان قایمقام.

٣ - دەسەڵاتی ڕەوای کاریزمایی. ئەگەر مافی فەرمانڕەوایی لەسیفەتە تایبەتمەندییەکانی رابەرەوە هەڵقولابێ، دەسەڵاتی ڕەوای (کاریزماتیکی) دروست دەبێ. بە وتەی (ماکس وێبەر) دەسەڵاتی ڕەوا کاریزمایی پشت دەبەستێ بە پاڵەوانیەتیو تایبەتمەندی یان خەسلەتو سیفەتی پەسەندی کەسێکەوە.

٤ - دەسەڵاتی ڕەوای ئاینی. دەسەڵاتی ڕەوای ئاینی زیاتر پەیوەندی بەو کەسانەوە هەیە کە لەشوێنی باڵاترن.

٥ـ دەسەڵاتی ڕەوای ئاسمانی. هەندێ کات کەسانێ داوا داری ئەوەن کە خواینو خودا هەڵیانی بژاردووەو بە ئەوانە دەسەڵاتی ڕەوای داوە. (جێمزی یەکەم) شای بەریتانیاو (لویی چواردەیەم) ئیمپراتۆری فەرەنسا خۆیان بەهەڵبژاردەو نوێنەری خوا ناساند. لەم سەردەمەدا ئەم چەمکە لەدەسەڵاتی ڕەوا، ئیدی پەسەند کراونییە.

٦ - دەسەڵاتی ڕەوای جێنشینی. ئەگەر باوك دەسەڵاتی ڕەوای خۆی بۆ منداڵی بگوێزێتەوە، دەسەڵاتی ڕەوای ئەو منداڵە (کوڕ یان کچ) بۆ ماوەی جێنشینی دەژمێردرێ. ئەم سیستەمەی دەسەڵاتی ڕەوا لەشێوازی حکومەتی شاهانەدا هەیە.

٧ - دەسەڵاتی ڕەوای هەڵبژاردەو سەرتەڵەکان (نخبگان). ئەم جۆرە دەسەڵاتە ڕەوایە دەسەیەکی بچوك لەو کەسانە هەیانە کە خاوەنی کەسایەتی، زانستو پسپۆڕی، یان سەروەتو سامانن.

٨ - دەسەڵاتی ڕەوای دابو نەریتی. دەسەڵاتی ڕەوای دابو نەریتی لەسەر بەنەمای نەریتو ڕەسمو باو دامەزراوە.

٨ - دەسەڵاتی ڕەوای یاسایی.ستونی ئەم دەسەڵاتە ڕەوایە یاساکانی وڵاتەو بەشێوەی گشتی لەسیستەمی دیموکراسیدا هەیە.

### F - تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی ڕەوا

دووایی، فەرماندان، عەقڵانی بوونو بەرپرسیاریەتی تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی ڕەوان. کورتە ڕونکردنەوەیەك لەوانە دەدرێت

١ - ڕەوایی بوون. ئەم تایبەتمەندی یە کاریگەری بوونی دەسەڵاتی ڕەوا دیاری دەکات. لەم ڕووەوە نیشانەی سەرەکی چەمکی دەسەڵاتی ڕەوایە. بە باوەڕی (دال)، A فەرمان بە B دەداتو B وا هەزر دەکات کە A بەتەواوی مافی فەرماندانی هەیەو ئەویش بە تەواوی پێویستە گوێڕایەڵی بێت. ئەم جۆرە پەیوەندی‌یە زۆر بە ڕەوای دەزانن...... و دەسەڵاتی ڕیسا زۆربەی خەڵك ناوی دەسەڵاتی ڕەوای لێدەنێن.

٢ - فەرماندان. دەسەڵاتی ڕەوا توانی یاسایی تاك بۆ فەرماندان بە ئەوانیترە. تاك یان گروپێك کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەوان، لەسەر کەسانیتر فەرمان دەدەن. دەسەڵاتی ڕەوا فەرمانی باڵا دەستانە لەسەر بن دەستان.

٣ - عەقڵانی بوون. عەقڵانی بوون یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی ڕەوا. کۆڵەکەی دەسەڵاتی ڕەوا عەقڵو مەنتیقە. خاوەنی دەسەڵاتی ڕەوا شتێکی هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانێ بەبەڵگەی ورد وەڵامەکانی باس بکاتو قەناعەت بە بەرانبەرەکەی بکات سەبارەت بەو کارەی کە دەیەوێت ئەنجامی بدات یان ئەو کەسانەی کە کارەکە ئەنجام دەدەن.

٤ - بەرپرسیارەتی. تاك یا گروپێ لەو کەسانەی کە دەسەڵاتی ڕەوایان هەیە، لەزنجیرەی پەیوەندییە سیاسیەکانی کۆمەڵگە لەبەرانبەر ئەوانەی کە دەسەڵاتە ڕەواکانیان لەپلەیەکی بەرز دایە بەرپرسیارن. لەسیستەمی دیموکراسی، بوونی بەرپرسیارەتی لەتایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی ڕەوایە.

### E - ڕەوایی (مشروعیت)

چەمکی ڕەوایی لە بیردۆزی نوێی سیاسیەکاندا جێگای گرنگی پەیدا کردووە. گەرچی ڕەگی ئەم چەمکە لەنووسراوەکانی ئەفلاتوندا دەبینین کە ئەندێشەی داد (عەدل) لە کتابی جمهوریەتی خۆی بەراشکاوی ڕوونکردۆتەوە، بەڵام بیرمەندە سیاسییە تازەکان ئەوەیان بەشێوەی ڕێكو پێك بەیان کردووە کە دەسەڵات، نفوزو دەسەڵاتی رەوا تەنیا لەشێوازی ڕەواو یاساییدا کاریگەری هەیە. لەم ڕۆژگارەدا لەپەیوەندییە سیاسییەکاندا لەئەنجامی گەشەکردنی فەرهەنگو شارستانیەت، ڕۆڵی زۆرە ملی دابەزیوە.

لەم سەردەمەدا دەسەڵاتی زبرو زۆر بە دەسەڵاتی نامرۆڤی وەحشی ناو دەبەن. ڕەوەندە سیاسییە نوێکان لەشێوازی بێ زۆرەملی بۆ کۆنترۆڵکردن وەك نفوز، هاندان، ڕابەری، ڕایگشتی..... سوود وەردگرێ ڕەوایی پێش مەرجی دەسەڵاتە.

### A - واتای ڕەوایی

ڕەوایی بە مانای یاسایی بوون یان بەپێی یاسابوونە. لەرابردوودا، لەئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا دیسان بە هەمان مانا بەکار دەهات. (سیسرۆ) (CICERO) ئەم واژەیە بۆ بەیانکردنی یاسایی بوونی دەسەڵات بە کاربردووە. لەپاشان واژەی ڕەوایی بۆ شێوازە دابو نەریتیەکان، یاسا بنەرەتییەکانو گونجانی لەگەڵ سیستەمە کۆنەکاندا بە کارهێناوە. لەپاش ئەم قۆناغەدا سەردەمێك هاتە پێشەوە کە ڕەگەز (ڕەزامەندی) بە واتای ڕەوایی زیادکراو ڕەزامەندی بە کۆڵەکەو بناغەی فەرمانڕەوایی دەزانرا لەم چەرخەدا یەکەمین جار (ماکس وێبەر) چەمکی ڕەوایی بەشێوەی چەمکی گشتی بەیان کرد. بە باوەڕی ئەو ڕەوایی لەسەر باوەڕ بنەمانراوەو لەخەڵك گوێڕایەڵی دەوێ دەسەڵات کاتێ کاریگەرە کە یاساییو ڕەوابووبێ. بێگمان دەسەڵاتی مافی بەکارهێنانی زۆری هەیە بەڵام ئەمە ڕەگەزی بنەڕەتی ئەو نییە دەسەڵات دەبێ ڕەوایی هەبێت، بێجگە لەمە لەگەڵ سەختیو دژواریدا ڕووبەڕوو دەبێتەوەو کاریگەرنابێت.

مانای ڕەوایی لەسەردەم بۆ سەردەم گۆڕاوە. لەماوەی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ بەیان کردن ڕەزامەندیو قبوڵکردن یان دژایەتی کردنی حکومەت بەکار دەبرا. بەڵام ئێستا هەموو شۆڕشو کۆدەتاکان ناکرێت بە ناڕەوا لەقەڵەم بدرێت. ئەمجا لەبەر ئەمە بنچینەی نوێی ڕەوایی شوێنی بنچینەی کۆنی گرتوەتەوە. ڕەوایی لەگەڵ بڕوا ئەخلاقیەکان یان ڕەفتاری باشدا هاو واتا نییە.

بەڵکو تەنها پایەیەکە بۆ ئاراستەکردنی کارەکانی دەسەڵاتداران. لەم ڕووەوە (دال) گوتویەتی: ڕابەری ڕژێمە سیاسیەکان هەوڵی ئەوە دەدەن دڵنیابن کە هەج کاتێ ڕووبەرووی کێشە بوونەوە ئامێرو کەرستە حکومەتیەکان بەکاربهێنن، بڕیارەکان لەلایەن ئەوانەوە قبوڵ دەکرێت، نە تەنیا لەبەر ترس لەتوندوتیژی، سزادان، یان ناچارکردن، بەڵکو لەسەر ئەو باوەڕەشن کە بڕیارەکان لەلایەن ئەخلاقیە دروستو ڕەوایە. جا لەبەر ئەمە یەکێ لەسوودەکانی واژەی ڕەوایی، دەڵێن کاتێ حکومەت ڕەوایی‌یە کە خەڵکی لەژێر فەرمانی باوەڕی ڕاست دروستیان هەبێت بەو حکومەتە کە پێکهاتە، کارەکان، بڕیارەکان، سیاسەتەکانی لێپرساوانو ڕابەران یان حکومەت شایستەیی، دروستکاری، یان ئەخلاقی باش هەبێت بۆ دەرکردنی فەرمانە تودو تیژەکان. (دال) بەم ڕونکردنەوە پێشان دەدات کە ڕەوایی خاوەنی تایبەتمەندییەکانی دروستکاری، تەسەلی یان خێری ئەخلاقی‌یە.

هەموو حکومەتەکان هەوڵ دەدەن پێشان بدەن کە کارەکانیان ڕەوایەو لەبەر ئەمە ئەرکە لەسەر شانی جەماوەر کە ئەنجامی بدەن. ئەفسەرێکی سوپاش کە کۆدەتا دەکاتو دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێت هەوڵ دەدات کە توانایيو دروستکاریو خێری ئەخلاقی خۆی ئاراستە بکاتو پێشان بدات بۆ خەڵك ئەوکارەی کردووە. ڕەوایی بە دەستهێنان، حکومەتی (دوفاکتو) بە حکومەتی (دوژور) دەگۆڕێنێت.

لەدیموکراسیەتدا، ڕەوایی گرنگی زۆری هەیە، چونکە دیموکراسی لەسەر ڕەزامەندی خەڵك بنەمانراوەو بە پێچەوانەوەی حەزرئارەزووی ئەوان ناتوانرێ ڕەوایی بە زۆر لەسەر ئیرادەیان بسەپێنرێت. لەکاتێ ڕەوایی نەمێنێ، حکومەت متمانەی گشتی لەدەست دەداتو سەرئەنجام دەڕووخێ. لەگەڵ نەبوونی ڕەوایی دەسەڵات شێوازی زۆرەملێ بە خۆیەوە دەگرێ. بەبڕوای (ئیستر نبرگر)، ڕەوایی بنەمای دەسەڵاتیحکومەتە، کە لەلایەکەوە، مافی فەرمانڕەوایی بە حکومەت دەداتو، لەلایەکیترەوە خەڵك لەوەها مافی ئاگاو هۆشیار دەکاتەوە. بە باوەڕی (لیپست)، ڕەوایی توانایی ڕژێم دەر دەخات لەپەیداکردنو پاراستنی ئەم باوەڕە کە دامەزراوە سیاسییەکان کە هەن شیاوترین دامەزراوەیە بۆ کۆمەڵگە. بە گوتەی (ژان بیندال): (( دەتوانرێ ڕەوایی بەم جۆرە پێناسەبکرێت کە خەڵك بەشێوە سرووشتیو بەبێ گومانکردن سازمانێ کە پەیوەندن پێوە قبوڵی دەکەن)) .ج.ك. ڕابرت باوەڕی وایە: (ڕەوایی هەمان بنەچەیە کە ئاماژە بە قبوڵکردنی گشتی کە بەدەستهێنانی پلەو پایە لەلایەن کەسێك یان گروپێکەوە بەشێوە گشتی لەڕێگای بەکارگرتنی دەسەڵات یان لەڕێگایەکی تایبەتەوە دەبێ لەگەڵ هەندێ بنەماو ڕەویەی گشتی جێبەجێ کردنی دەسەڵاتی ڕەوادا هاوئاهەنگی هەبێت.

لەراستیدا، هەر ڕژێکی ساسی هەوڵ دەدات کە ڕەوایی بەدەست بهێنێ. ڕژێمە سیاسی‌یە جۆراوجۆرەکان لەکاتو شوێنە جۆراجۆرەکاندا ڕەواییان پەیداکردووە. ڕژێمی سیاسی کۆیلەداری، فئۆدالی، پاشایەتی، ئەریستۆکراسی، ئۆلیگارشی، پلۆتۆکراسی (حکومەتی ژێر سوڵتەی سەروەتداری یان چینایەتی کە بەسەروەت دەسەڵات بەدەست دێنێ)، حکومەت نوێنەرایەتی، دیموکراسی ڕاستەوخۆ، لەم یان لەوکاتو شوێنەدا ڕەواییان پەیداکردووە. تەنانەت لەکۆمەڵگەی دیمورکاسیدا، ڕژێمی سیاسی کە دژی بنەمای دەسەڵاتی - ڕەوایە، ڕەوایی بەدەست دێنێ.

بۆ نمونە، کارگوزارەکانو دامودەزگای حکومەتی، یان هەندێ کۆمەڵگەی ئاینی زیاتر لەسەر زنجیرە پلەداربوون پێکهاتووە نەك لەسەر پایەو بنەمای دیموکراسی. سەرەڕای ئەمەش، خەڵك بەو ڕژێمانەی کە لەسەر پلەداری‌یە ڕەوایی دەدەن. جا لەبەر ئەمە دەتوانرێ (نەتیجە) وەربگرێت کە ڕەوایی بەمانای بە دیهێنانو پاراستنی ئەم باوەڕەیە کە ئەو ڕژێمە سیاسی‌یە کە هەیە بۆ کۆمەڵگە شیاوە. جەماوەریش بێ ڕقو کینە گوێڕایەڵی بنو پیرۆزیەکەشی قبوڵ بکەنو شایانی ڕێزو حورمەت بێت.

لەبەشی شەشەم دا باس لە سەرچاوەکانی ڕەوایی دەکرێت.

**ماویەتی**